

**پەیڕەوی ناوەخۆی**

# هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مەسیح

# بسم اللّه الرحمن الرحيم

# بسم اله الواحد

له ئامادەکردنی جەنابی رێکخەری گشتی

فەرید محەمەد تاها بابان (ناسراوە بەسەربازە وونەکەی ئایندە)

2009/ 14/02م . هـ 1430

**پێشەکی :-**

پێشەکی و کورتەیەك لە سەر هۆکارەکانی درووست بوونی ئەم بزووتنەوە جیهانیە , کە بیرۆکەکانی دەگەرێنەوە بۆنەخشە پلانەی دوور مەودای یاساو رێساکان و سیاسەتەکانی خوای گەورە. کەخاڵی هاوبەشەکانی سیاسەتەکانی پێغەمبەرانن بۆ بەرچاو ڕوونی هەموو مرۆڤایەتی وخۆ دۆزینەوە لەناو دۆزی ئەم بزووتنەوە جیهانیە لە سۆنگای ناداد پەروەری و زوڵم و ستەم و گونەهـ و تاوان و لە سایەی ئیرەیی ئەهریمەن بەرامبەر بە مرۆڤایەتی وبرِواداران ئەم بیرۆکە سەری هەڵدا و دوای سەفەرێك لە کوردستانی باشووری باکوری عێراق بۆ وولاٌتی ئۆکرانیا بە مەبەستی خوێندن لە ساڵی 2006 گەیشتمە دەرەوە وولاٌت کە وولاٌتی ئۆکرانیای شاری ئۆدێسە لەسەر دەریای ڕەش بوو. ئەوە بوو هەرلەگەڵ یەکەم هەنگاوی نێو فرِۆکەخانەکەی کەوتمە ژێر چاودێری دەزگای ئەمنیەکانی ئەم وولاٌتەیە لە شاری ئۆدێسە دوای چەند ڕۆژێك چوومە شاری کیڤی پایتەخت لە ڕێگای ڕێکەوتی لەدایك بوونی جەنابی رێکخەری گشتی واتا نووسەری ئەم بیرۆکەیە کە لەلایەن چاوانی ئەنتەرپوولی جیهانی لەرِێی زانستەکانی ئەستەرلۆجی و نێو ئاینی پەیمانی کۆن و نویٚ و زانستەکانی ڕۆژی دیاری کراو (شمس المعارف) و قورئان و سونە , رێکەوتی لەدایك بووی ناوی ناوبراو باسکراوە لە نێوی ئەم زانستانەی کەباسمان کردن باسکراون , جا ئەوە بوو دوای تەحدایەکی گەورە بەرامبەر بە جوولەکە کە ئەوە بوو دوای چەند ساڵێك لە دوای ڕێکەوتی ساڵی 2009ی 02- شەوی 26 کات ژمێر 1و30 نیو من لە ژووری بەشی ناوەخۆیەکەی جامیعایەکەم بووم دوای نوێژی عیشا لەژوورەکەم لەسەر سیسەمەکەم دانیشتبووم ڕووم لە دیوار بوو یادی خودام دەکرد, خودای جیهانیان دووجار لە سەر یەك پیلانی جوولەکەو نۆکەرەکانی, خودا دوو جارلە سەر یەکدا نیشانیدام وەك سینما لە سەر دیواری ژوورەکەمدا کە چەند کەسانێکی خودا نەناسی تیابوو لە ناو ئەم گرتە سینمایە لەلایەن خودایە

کەمدا کە(الله)یە پێی نیشاندام بەشێوەی فلیمێکی  سینمایی لە ژیانمدا ئەوە یەکەم جارە شتی لەم شێوە ببینم  لەلایەن (الله) گیان ئاگادارو ئامادە کرام لەشەوێکدا.
ئەوەبوو دوای ئەمە خۆم ئامادەکردو خۆم لە بەرکرد , ئەمەش ناونیشانی شوێنەکەم بوو  لە شاری کیڤی پایتەختی ئۆکرانیا لە نزیك وێزگەی لیسۆڤای شەقامی شەش(6) بەشی ناوەخۆی دوو(2) لە نهۆمی یەکەم ژووری (2) دووەم. ئەوە بوو لەم کاتەیەدا چەند فڕۆکەیەکی جەنگی ئیسرائیلی هاتن بۆئەوەی بمرفێنن تا درێژە بەپیلانەکانیان بدەن بێ ئەوەی کەس نەبێت لێپێچینەوە وچاودێریان بکەن. ئەوە بوو من بەتەنیا لە ژوورەکەمدا دەژیام هەم پەنجەرەکانی ژوورەکەم کردەوە و پەنجەرەکەم کردەوە و ڕووی لە دارستانێك بوو و دەرگای ژوورەکەشم کردەوە تانەزانن بەچ ڕێگایەك داڕۆیشتوومە دەرەوە , کە بە ڕێگایەکیاندا ڕۆیشتم تا بەیانی, کەشەوێکی زستانێکی زۆر سارد بوو  ئەوە بوو بەیانی خۆم تەسلیمی حکومەتی ئۆکرانیا کرد ووتم با مەسیحیەکان بمگرن نەوەك جوولەکە, ئەوە بوو ئیسرائیل و ئۆکرانیا کێشەیان کەوتە نێوانیان لەسەر نووسەرو ڕێکخەری گشتی ئەم بزووتنەوەیە کە نووسەری پەیڕەوی ئەم پڕۆگرامەیە , چوونکە بێ هیچ ئاگاداریەکی حکومەتی ئۆکرانیا لەلایەن ئیسرائیل بۆ ڕفاندنی ناوبراو وەك نووسەری کورتە چیرۆکی ئەم داستانەیە , بۆ ماوەیەکی کاتی وەك ئەکتەرێکی سەرەکی ئەم بەسەرهاتەیە دوای پووچەڵکردنی مەرامە گلاوەکانی جوولەکە ,هەربۆ دوو بەیانی دوای ئەم ڕووداوە خێرا سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل شامون پیرێس خۆی گەیاندە وولاتی ئۆکرانیا بۆ پەردە پۆشکردنی ئەم دیاردە گلاوەی خۆیان بەرمبەر بە سەربازە وون و پێشەوای داهاتووی موسڵمانان لە جیهان. و ڕۆڵی ئەکتەری سەرەکی ناوبراو لە زەمەنی شێرە ژنە پۆلاینەکەی ئۆکرانیا بوو کەجەنابیان یولیا یوشینکۆی سەرۆك وەزیرانی ئۆکرانیای ئەوکاتی سالانی 2009 ئەوە بوو یولیا بەساردی و بێ هیچ دۆقەکردن و ڕێزێك کەشیاوی بێت پێشوازی لە شامون پیرێسی کرد لە کۆشکی وەزارەتەکەی نەوەك لە فڕۆکەخانەی وولاتەکەی , ئەوە بوو

**حکومەتی ئۆکرانیا کوردی موسڵمانی ناوبراو یان پاراست بگرە زۆرشتیان لە پێناوی ناوبراو کرد بۆ گۆڕانکایەکی جیهانی بۆیە ئێمەی موسڵمان وەك وەفایەك نابێت هەرگیزاو هەرگیز ڕۆڵی ئەم بەرێزانە بەکەم شتێك سەیربکرێت ئێمەی موسڵمان وا پەروەردە کراوین ئەگەریەکێك یەك هەنگاو لێمان بێتە پێش ئەوە ئێمە دە هەنگاو زیاتر لێی دەچینە پێشتر , ئەوە دوای ئەم بێ چارەسەریەی ڕەوشەکە بۆدژایەتی ڕەوتەکەی ناوبراوکەسی سەرەکی و نووسەری ئەم بابەتەیە ئەوە بوو باراك ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکاش خۆی گەیاندە پایتەختی کیڤی ئۆکرانیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە ومیدیا سەربەخۆیەکانیان بێ بەش کرد لە پەرت کردنی ئەم هەواڵ نامەیە بەنهێنی مانەوە بۆتێکشکاندنی موسڵمانان و تا موسڵمانان درکی پێ نەکەن ئەوە بوو حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشووری باکوری عێراق ژێراو ژێر کاریان بۆبەرژەوەندیەکانی خۆیان دەکرد لە ناو یاسای جەبری ئەم سیاسەتەیە بۆ یەکلاکردنەوەی سەرکەوتنی برژەوەندیەکانی خۆیان کە نۆکەرەکانی جوولەکە لەوولاتی ئۆکرانیا لە شاری کیڤی پایتەخت لە چەند وولاتێك پێکهاتبوون وەك ئۆکرانی و ئازەربایىنجانی وکورد و عەرەب و فارس و ئەفغانی و میسری و لیبی و ئەمریکی وسوری و سویسری و یەهوودی بوون لە ناو ئەم بەسەرهاتەیەدا ناوبراو بەتەنیا وەستا بەرامبەر هەموو ئەو کێشانەی باسمان کردن لەم وولاتەیە زۆر کەم بوون بۆ یارمەتیدانی ناوبراو لەلایەن هاورێکانم کە بەپەنجەی دەست دەژماردران , ئەوەبوو لەم کاتەیەدا ناوبراو بووبە دیلی دەستی هەموو دونیا جا بە سیاسەتەکانی خۆم داچوومەوە, ئەوەبوو حکومەتی کوردی بۆ ئەم دیاردەیە هەندێك لە کەسەکانی خۆم و ناسیاو نەیارو یارەکانی لە ڕێگای دەسەلاتی حکومەتی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان.هەرلەساڵی 2009 بەسەر پەرشتی سەرۆك وەزیران کاك نێچیرڤان بارزانی و بەهەموو لایەنەکانی ناوخۆی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بۆدرووست کردن وسەرپەرشتی ئەم یاریەیان کرد لە دووبەرەی جیاواز کاریان لەسەر بەدەست هێنانی شکۆ لەلایەن دڵسۆزەکانی نووسەرو ناوبراو وپێچەوانەکەشی لەلایەن ئیرەیی چیەکان و ئەهری مەن کاریان دەکرد بۆ لەلێدانی شکۆی,**

ناوبراو ناڕاستەوخۆ لەڕێی نەیارەکانیان بەشێوەکانی شێوازی دوو ڕوویی بەدرێژایی زەمەن. بەلاّم ئێمە هیچ سات نەدۆڕاوین بەرامبەرپیلان گێران لەسەرئاستی بالاّ و ناوەخۆی وولاّت بەشێوەیەکی گشتی. بەلاّم هەموو سەرکەوتنەکانمان دیارن لە تێروانین و هەستان و دانیشتن ومامەلّی پاکی خوشك و برایەتی بەهیچ شێوەیەك لامان نەدا وەك بەتالّ چیکانی بەرەی خراپەکاران. زۆرانێك لەوانەی ئێمە دەناسن خۆیان بەشەرمەزار دەزانن بەرامبەر بە ئێمەی خواناس و دەم بەیادی خودا و پێش خوود ناسی. وهەرلەناو باسی زەمەنی کاك مەسعودبارزانی وکاك نێچیرڤان بارزانی سالیّ 2009 لەگەلّ سەرۆکی عێراق مام جلال و سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی, سەفەرێکەیان بۆ کورد کەبەشێك بوون لە بنەمالّەکەی ناوبراو و عەرەبەکانی هەندێك لە شیعەکانی سەماوە و کەبنەمالّەکەی عەلی عەفات کەیەکێك بوو لە (دجالەکان !؟) و سەفەرێکیان بۆوولاّتی ئۆکرانیا رێکخست بۆخەلّکی باشوور و ناوەڕاست هەرێمی کوردستانی عێراق هەولێر یان ڕێکخست بۆ وولاّتی ئۆکرانیا لە شاری کیڤی پایتەخت. کەئەمانە بە پێچەوانەی نووسەرو ناوبراو کاریان دەکرد بۆلەبارچوونی ئاشتەوایی نێوان ئیسلام ومەسیحیەکان لە ئۆکرانیا. ئەوەبوو ئاپۆڕای هاتنی ئەم سەفەرەیان ڕێك لەڕێی نەیارەکان ڕێك ڕێك خرا بۆ خۆی و کەسەکانی ناوبراو لەکاتێکا ئەگەر بەرژەوەندیەکانی هەموولایەك تێك نەکاتەوە ئەوە دەبووە کودەتایەك بەرسەر ناوبراوی ئەم بەسەرهاتەیە لە ڕێی کارەکانی فرپوی شەیتانەکان لە جنۆکەو شەیتانەکانی خوودی درووست بوونی بەنی ئادەم , بەلام فێلّەکانی ئەهریمەن لاوازن . جامن واخۆم نیشاندا کە ئاگام لە هیچ شتێك نیە. ئەوە بوو کە مەسیحیەکان ویستیان نزیك ببنەوە دەرفەتێك لە نێوان مەسیحیەکان و موسلّمانان رێکخەن , کە یەکەم هەنگاو ئەوەبوو لەگەلّ باوکی ئەکسانە ڤلادیمێر ژن بەژنی لەگەلّ یەکتر بکەین بۆ ئەم یەکگرتنەی ئیسلام و مەسیحیەکان کە کەس نەیتوانی چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن. بەهۆی ئەم بۆنەیە, دوژمنانی خودا و ئەهری مەن, ئەوە بوو کارەکەیان بۆ نەچووەسەر و پرۆسەکەیان دواخست بۆ کاتێکی نادیار کە ئەمجارە لە کوردستان پرۆسەی یەك بوونی ئیسلام و مەسیح

بەڕێوە بچێت. بەمەرجێك ناوبراو سەربازە وونەکەی ئایندەی جیهانێکی تازە بگەرێتەوە وولأتی کوردستانی باشووری باکوری عێراق. بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی بەشێوەی مەیدانی , خوداش شاهیدە بەهەموو شتەکان. دوای ئەمە ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا ئەستێرەی گۆگڵ ئێرسی (google erth) یان دا بەکورد بۆ چاودێری کردنی موسڵمانان بەگشتی و بەتایبەت ناوبراو واتا ئەوکەسەی ئەم بەسەرهاتانەتان بۆ دەگێرێتەوە. لە ڕێگای کۆدی چاوەکانی بۆ تێڕوانین و درووست کردنی ئایندەیەکی جوان و ڕابردوویێك بەشێوەی چیرۆکی کورت کورت هاوشێوەی هاوخەباتی پێغەمبەران بێتەکا بۆ شیفایی دەردە کوشندەکانی هەمووجیهان. جا ئەمە کورد بەم هەنگاوەی ئەمریکاو ئیسرائیل تووشی غرووری بوون منیش دوای شەش مانك و نیو لەئۆکرانیا گەڕامەوە بۆ کوردستانی باشووری باکوری عێراق هەولێر دوای ئەم بەسەرهاتەیە ولەگەڵ یەکەم هەنگاوی گەڕانەوەم ئەمریکیەکان لە سوریا لە دەروازەی فیشخابوور کۆدی چاویان وەرگرتم بۆ مەرام وپیلانەکانی خۆیان دوای ئەمە گەیشتەمە هەرێمی کوردستان بۆشاری هەولێر بۆلای خوشك و براکانم و خزم و هاورێکانم ئینجا دیسان یاریەکە دەستی پێکردەوە لەجاران بەهێزتر, ناوبراو بەرامبەر بە هەموو قسەو باس و پرسیارەکانی ناوەخۆو دەرەوە .ئەوە بوولە ماڵ بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان باسی ئەم دیدارەم نەکرد لە ئۆکرانیا بۆلای ناوبراو واتا نووسەری ئەم پرۆگرامەیەهاتبوون. ئەوەبوو دوای ماوەیەك لەهەولێر هەرلەساڵی 2009 بوو شەوێکیان لە ئاسایش گیرام کە لە ڕێگای گۆگڵ ئێرس (google erth) کورد زۆر شتی لە سەرمن تاقی کردەوە لەزیندا بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ وەك تاقیگای زانکۆیەکی باڵای جیهانی بەهەموو ویست و خواستەکانی کوردو جیهان بەگشتی. ئەوە بوو ساڵێك و شەش مانگ لە زیندان مامەوە دوای ئەم هەمووچاکەیەش لەگەڵ کورد وموسڵمانان بێ هیچ موزایەدە یەك. ئینجا هیچ وەفایەك یان نەبوو بەرامبەر بەمووسڵمانیکی وەك کوردی ناوبراو کە چەنداها کەسایەتیان نارد بۆ گۆڕینەوەی قسەی جۆراوجۆر چ لە ناوەخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان و چ لە زۆربەی وولأتانی جیهان بە گشتی ئەوە بوو لە زیندان برایارمدا پلانێکی تۆکمەو دوورمەودای

**سیاسەتێکی حاکیمانە دابرێژم بۆبەدەست هێنانی داهاتووی دەسەلاٌتێکی ئیسلامی جیهانی لە سەرتاسەری جیهان کە دەرنەچێت لە سنوورەکانی خوداو پێغەمبەران بەتایبەت (پێغەمبەر محەمەد)(د.خ) کە هەموو پێکهاتەکانی جێگای تیا ببێتەوە , بەپیشتیوانی خودایەکی کەریم و بەهێز..ئەوەبوو هەربەکورد و موسڵمانیەکەم مامەوە هەتا 12 ساڵ بە بێدەنگی کارم بۆ بەرژەوەندیەکانی موسڵمانان بەهەموو پێکهاتەکانیان دەکرد بێ جیاوازی لەناو ئەم 12 ساڵەیەدا بزووتنەوەیەکی جیهانیم درووست کرد بەناوی (هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مەسیح) واتای (مەسیح) . عیسای مەسیحە سەلامی خودای لێبێت کە لەسەر دەستی ئەم پێغەمبەرەیە هەرچی خراپەکاریە لە جیهان کۆتایدێت (ان شاءالله ) ..**

**لەکاتی لاوازی یەکبوون هێزە لەگەڵ مەسیحیەکان بۆ تێك شکانی جوولەکە و سڕینەوەی ئایدەلۆژیاکەیان لە سەرئەرز ..**

**ئەوەبوو لەڕێگای سۆشیال میدیاو شوێنی کۆڕو کۆبوونەوەکان ڕۆڵی سەرەکیم تیابینی بۆگۆڕینەوەی کۆ دەنگی کۆدەکان .. بۆ بانگەوازکردنی دینی خودا. دوای کۆنترۆڵکردنی هزرو بیرو هێزی بەرامبەرەکان هەرلەسەر ئەم رێچکەیە چەند هاوڕێ یەکی دڵسۆز وخۆشەویست پشتگیری ئایدلۆژیای فکری یان کردم کەخۆشیان بەدوای گۆڕانکاری ڕیشەیی دا دەگەڕان وەك شۆڕشێکی سپی مەندێکی جیهانی کەئەمەش تەنها بە بڕوایەکی پاکی ئیسلامی و هەڵقولاٌوی بەدینە پاکەکەی پێغەمبەر محەمەد دەکرێت ئەم بیرۆکەیە هەموو ئەو مەرجانەی تیابوو , بۆیە هەموویان هاوڕێ وهاوڕابوون لە سەر ئەمە ..**

کەناوەکانیان ئەمانەن :-

ڕێکخەری گشتی : فەرید محەمەد تاها ئەحمەد ئیسماعیل ولی فەقەی ئەحمەدی دارشمانی بابان ووتە بێژوو ئەندامی سەرکردایەتی مەکتەبی پەیوەندیەکان: شوان صابر حمەدەمین , ئەندامی سەرکردایەتی وبەرێوەبەری بەشێك لە کارەکان: سیروان حسن محەمەد , ئەندامی سەرکردایەتی بەشی مەکتەبی ڕاگەیاندن : هاوکار سەمەد سەعید , ئەندامی سەرکردایەتی: ئەحمەد مەجید عبدولاّ , ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی بەرێوەبەری کاری یاسایی: عبدالخالق ئیسماعیل ڕۆژبیانی , ئەم چەند کەسەبوون کە پەیمانیاندا بە پێشەواو چاوساغ و سەربازی وونی ئایندەی دەوڵەتی خەلافەت کەئەم خەلافەتەیە نموونەی راستگۆیی دینەکەی پەیڕەودەکات بەپێی سەردەم مامەڵەی سەردەم دەکات, لە پێکهاتەی سەرەکی ئیسلام و مەسیح بێت وەك موژدەیەك بۆ هەموو فڕاوانی ئەرزی جیهان دەبێت ئەم پەیامەی بیانگاتێ , ئەم بزووتەنەوەیە بە نهێنی و ئاشکرا کاری خۆی دەکات کە ژمارەیان لەسەرووی 5000 کەسە لەکوردستان و عێراق و ئۆروپا و هەندێك لە وولاّتانی تر ئەگەر بەربەستی ئابلۆقەی ئابووری نەبێت لە ڕێی ئەبووسوفیانەکانتان بەربەست مان زۆر بۆدرووست کرا بەلاّم ئێمە بەردەوام دەبین تا خودا دەرگاکانی بەخێری خۆی بەسەر بڕواداران دەکاتەوە لە هەموو ڕوویێك و ڕۆژلە دوای ڕۆژ ئەم شۆڕشە گەورەتر دەبێت بەشتیوانی خودایەکی کەریم ولەچوارچێوەی هەموو ناوە بەرزەکانی خودا (الله) دەبێت .

لەزۆربەی کۆبوونەوەکان مان پرسیاری سەیرو لە ڕوانگەی خۆیان ئاراستەی من دەکرا وەك ڕێکخەری گشتی و برایەکی دڵسۆزوگەورەیان کە هەندیك لە باسەکانی نێو پرسیارو وەلاّمەکانتان بۆ باسدەکەین (ان شاءالله) ئەوەبوو لە دوای ساڵی 2016 بەنهێنی و ئاشکرا کارمان بۆ ئەم بزووتنەوەیە دەکرد. ولەهەمان کاتدا دەمزانی پرسیارو وەلاّمەکانیان پرسیارو وەلاّمەکانی خۆیان نین , لە ئاستی بالاّ بۆیان دادەڕێژرا لە دوولایەنی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. ولەگەڵ بەشێك لە عەرەبەکانی ئاراستەکراوی حکومەتی عێراق.

**یەك لە پرسیارەكانیان ئەوەبوو كە دەیان ووت چۆن دەتوانیت ئەم ڕەوشەچارەسەری گونجاویان بۆبدۆزیتەوە؟**

**بوونموونە :**

**پرسیاری جەوهەری؟**

**ئەندامانی دەستەی باڵای ئەم بزووتنەوەیە دەڵێن سەرانی كورد بەدەسەڵاتێكی ڕەها بێ پرسیاكردن بە ڕاست و چەپیان پارەی ئەم میلەتەیە بەكەیفی خۆیان پەخشان و تەخشانی پێ دەكەن بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ كەسێك بكەن ؟**

**وەڵامی جەوهەری ڕێكخەری گشتی پاشەكەوتی ئەم پارەیە لە كوردستان بۆ تێچووی مەسرووفاتی دووبەری جیاوازە لە ئایندەدا, وەك بۆجیهانێكی دوولەت كراو بە بەرەی بڕواداران و بەرەی ئەهری مەن واتا بەرەی (لاچاوە گوێرەكە كە (دجال)سەركردایەتیان دەكات. بۆئەم یاریەش لە نێوان سەرانی كورد و حكومەتی عێراقی دا, لە دوای ڕێكەوتی 2010 كەژمارە (دە) ژمارەی درێسەكەمە لە جەنگی نێوگۆڕەپانەكانی پێشووم هەر بەهۆی ئەم تاك یاریانەی نێوزیندانی ئەوكاتم بەم شێوەیە دەرچووم لەزیندان , ئەوەبوو, دوانزە ساڵ تاساڵی 2022 تا ساڵی 2024 چواردە ساڵ بخایەنێت لە نێوان حكومەتی كوردی وحكومەتی عێراقی بۆئەم ڕێكەوتنەی نێوانیان بە چاودێری ووڵاتانی زلهێز بۆ دوو جوگرافیای جیاوازی ناكۆك باسم كردوون كە هەرێمی كوردستان و ووڵاتی عێراقە.. ئەمەش دووبارەی گرتنی قەڵاكەی پایتەختی هەولێرە لە لایەن هۆڵاكۆی عەرەبەكانی حكومەتی مەركەزیەكەی لەبەغدا. ئەوە نهێنی ڕێكەوتنی چواردە ساڵەكەیە كە دوو ساڵیش زیادی كرد لە دوای دوانزە ساڵەكەی نێوان سەرانی بەغداو هەولێر وەك لە دایك بوونی ڕۆژی 02/14ی ڕۆژی ڤالانتاینەكەی ئەم سەربازە وونەی كە قسەتان بۆ دەكات, كەباسی ئەم ژێراو ژێریەتان بۆ دەكات كە نهێنیەكانتانن هەرڕۆژێكی لەدایكبووی ناوبراو بەقەد ساڵێكی لەنێوان  حكومەتی عێراقی و حكومەتی بەغدا دە خەملاێندرێت و ئەگەرژمارە 14 پێچەوانە بكەینەوە ئەوە دەبێتە 41 هەم دەسەڵاتەكەی**

دەجال کۆتایی پێ دێت چوونکە دەجال 40 ساڵ حکوم دەکات بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر و ماوەی حکوم ڕانیەکەی خۆی دەگەیەنێتە 41 ساڵ تەمەنی حکومڕانیەکەی تەواو دەبێت.

پرسیاری جەوهەری؟

لەلایەکی ترشەری رووسیاو ئۆکرانیا دەستی پێکرد هەر ڕۆژێکی بە قەدساڵێکە کەئەم شەرە تا ساڵی 2026 دەخایەنێت کە ئەمەش هەر ڕۆژێکیان بەساڵێکە دوای 2027 کارەسەتەگەورەکە ڕوودەدات خوداش زاناتر ئاگادارترە بەهەمووشتێك لای ئێمە یاسایە جەبریەکە بەم شێوەیە. لەنێو ئەم ساڵانەی دێنە بەردەمان ئەگەرشەوی لەیلەتولقدر کەوتە رۆژی هەینی ئەوە هەریەك لەئێوە با ئەم ڕۆژە بەهەند وربگرێت بۆئەم ڕۆژە زۆر بەی شتەکان یەك لایی دەبنەوە خوداش زاتاترە بەهەمووشتێك.

پرسیار؟

پرسیارێکی تری جەوهەری لەلایەن دەستەی دامەزراندنی بزووتنەوەکە دەگووترا باسی یاساکانی هەڵوەشانەوەی دونیامان بۆبکە منیش دەمووت هەڵوەشانەوەی دونیا تەواو پەیوەندی بە یاساکانی شەترەنج هەیە.و تێرو تەسەلی یاساکانی پەیوەندی بە کارە مەیدانیەکانی کارەکتەرە سەرەکیەکانی ئەم مەیدانە هەیە..

پرسیار؟

بۆلەڕاگەیاندنەکان هیچ باسی بزووتنەوەکەمان نەکرا کەلە کاتێکا لە سەردەستی ئەم بزووتنەوەی هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مەسیح, پاپا فرانسیسکۆ داوەتی عێراق وکوردستانی باشووری باکووری عێراق کرا بۆنموونەی ئاشتەوایی کە ئەوپەڕی بەد نمەکیە بۆچەمکی حکومەتەکەی کورد.

پرسیارەکان زۆر زۆرن بەدرێژایی هەمووئەوسالأنەی بەیەکەوە کارمان بەیەکەوە کردووە چەندپرسیارێکمان خستە باس کەزۆر گرینگ بوون هیوادارین سوودتان لێ بینیبێت.

# پەیرەووپرۆگرامی

# هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مەسیح

## پەیرەوی ناوەخۆی بزووتنەوەیەکی جیهانی

- **ماددەی یەکەم : ناو ناونیشان وپێناسەی بزووتنەوەیەکی جیهانی**

**یەکەم : ناو کورتکراوەی ناو لۆگۆ :**

**أ- هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مەسیح**

**ب- ناوی کورت کراوە بزووتنەوەکە (H.J.I.M )**

**ج- لۆگۆی بزووتنەوەکە بەم شێوەی خوارەوەیە ,**

**نوسینی (لااله الاالله محمد رسول الله) لەژێرەوە ئەم نووسینە وێنەی کرێسێك لەگەڵ وێنەی سێ ددان , ئەم سێ ددانەی لای ڕاستی ئالاکە لە ناوەڕاستی ددانەکان , ناوەراستە کەی پاپای فاتیکانە , لای ڕاست ڤلادیمیرپۆتینی ڕووسیایە , لای چەپ سەرۆکی ئەمریکایە کە بایدن ــــە . ڕەگ وخوێنی ددانەکان ڕەجەب تەیب ئۆردۆگانی تورکیا یە بۆرادەستکردنی یەکەم شیری ئیسلام کە شیرەکەی عەلی کوڕی ئەبووتالیب لەلایان پاشماوەی خەلافەتی عوسمانیەکانە کە چەکە مسۆگەرەکەی عیسای مەسیحە بۆیەك لایی کردنەوەی هەموو شیکارەکانی سەرخستنی هەقە بەسەر بەتاڵ و کوێرەکان وخوێنە کەشی سەربازانی خودان و تۆپی زەوی و پێکهاتەی ئالآکانی خۆرئاوا و لەگەڵ کۆتری ئاشتەوایی ئەم نێوەندە .**




ع- دڕووشمەكان : كات , هێز ، یەكبوون , دادپەروەری

دووەم : سنووری كاركردن و ناونیشان :

1- بنكەی گشتی بزووتنەوەكە لە بەغداد و ئەنبار وهەولێر و گشت پارێزگاكانی عێراق و رووسیا و توركیا.

2- كار بۆ ئەوە دەكەین لەدەرەوەی هەرێمی كوردستان كاروچالآكی یەكان فرِاوانتر بكەین .

3- ئەدرە سی :

Addresses: Erbil – Bagdad-Anbar

www.faecbook.com –هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مسیح

www.faecbook.com- التحالف العالمی اسلام – مسیح

Email:president.farid.77@gmail.com

## بەشی دووەم

## ئامانج مەبەستەکانی بزووتنەوەکە

- ماددەی دووەم : ئامانجەکان و مەبەستەکانی بزووتنەوە :

یەکەم ئامانجە گشتیەکان :

1- ئیسلام و مسیحیەت وەکو دوو ئاین , لێك نزیك بکرێتەوە وەك دوو تەوەرەی جیاواز کاربکەین تا عیسای مەسیح دیت بەپێی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ئەم دووئاینەیە دەیکات بە یەك ئاینی ڕاستەقینە و گەیشتن بەهەنگاوەکانی یەکتاك پەرستی .

2 - مومارەسە کردنی ئاینی یەکتر بۆ ئەوەی تێبگەی لەسیاسەتی خودا لە ڕێگای پێغەمبەرەکان .

3-ئازادی تاك بۆ گۆڕینی ئاینەکەی لە ئیسلام و مەسیحیەت .

4- بەکورتیەکەی قورئان دەڵێت حەزرەتی مەسیح نەمردووە ئینجیلیش دەڵێت لە خاچ دراوە , ئێمە هەردولامان قەبووڵە بەومەرجەی تا پیاوی یەك چاو دەردەکەوێ لە جیهان گەری واتا (دەجال ) لەم کاتە عیسا دەرکەوت بە گوێرەی قورئان وسونەت بۆ چارە سەری ئەم مەسەلەیە , عیسای مەسیح چ ئاینێکی هەڵبژارد ئێمە لەسەر ئەم ئاینە دەبین.

5. پتەوکردنی بازرگانی و درووست کردنی سەنتەرێکی جیهانی بازرگانی لەنێوان ئیسلام و مەسیحیەکان یەك لە وولاٌتانی رووسیاو ئۆکرانیابێت بەومەرجانەی یولیایوشینکو وشاندەکەی بگەرێنەوە ناوحکومەتی ئۆکرانیا بەپاڵ پشتی موسڵمانان و ئەم بەرە رووسیایە کە خۆیان لە چەند وولاٌتێك دەگرێت بۆئەم پاڵ پشتیە .

6. چارەسەرکردنی کێشە ماددی و مەعنەویەکانی خەڵك لەڕێگای هەبوون و بەکارخستنی سیستەمێکی بازرگانی بەهێزلە نێوان ئەم بەرەیەدا کە بەرەی رووسیای پێدەگوترێت .

7- پیشمەرگەی کوردستان ببێتە دامەزراوە یەکی سەربازی دەوڵەتی کورد زۆزان وەلەڕێگای دەزگایەکی ئەمنی بەناوی دەزگای ئەمان پێکهاتەی دەوڵەتی کوردی درووست بکرێت. ولەگەڵ

پێكهاتەی دەوڵەتی فەلەستینیش بەشێكە لە ئەوەلیاتی كارەكانی دەزگای ئەمان .
8- ڕۆڵ و بوونی ئافرەتان نابێت بەكەم سەیربكرێت دەبێت پلەی سەركردایەتیان پێ بدرێت .
9- هەموو داهات و سامانی دەوڵەت بۆ خەڵك بە دادپەروەری دابەش دەبێ بكرێت لە چوار چێوەی سیستەمێكی دادپەروەرانە لەسەرەتاو ئایندەی جیهانێكی نوێ دا .
10- شەفافیەت لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەت و دەوڵەتان ئەوانەی دەبنە هاوپەیمانی ئەم بزووتنەوە و ئەودەوڵەتەیە لەناو دەوڵەت دا .
11- ڕۆڵەی شەهیدان لە مافە ڕەواكانیان بەكەسی یەكەم هەژمار بكرێن و مافەكانیان پێ بدرێت.
12- بە هەموو تاكێكی وولات گرینگی بە پاك و خاوێنی سەرئەرز بدات لە ڕێگای پەروەردەكردنی  نەوەی نوێ مەرج نیە تەنها لە خاكی خۆت مومارەسەی ئە خاڵە ئەرێنیە بكەیت.
13- گرینگی بە رێگاو بانەكان بدرێت لە ژێر سەقفێكی دوورودرێژی زەمەن .
14- كەم ئەندامان كاری پێوستیان بۆ بدۆزرێتەوە بە قەد تواناكانیان .
15- بێ نەوایان شوێنی خۆیان بۆ دابین بكرێت لەگەڵ موچە یەكی شایستە .
16- شۆڕشی نەمانی بێ كاری لە ڕێگای دۆزینەوە لە پەنای زانست بەرەو پێش چوونی توانا مرۆیەكان .
17- نەهێشتنی نە خوێندەواری لە ڕێگای كە نیسە و مزگەوت , بە ئەركی قەشەو مەلاكان دەبێت بزاندرێت تا عیسای مەسیح ئەم دوو تەوەرو ئاینە جیاوازە یەكدەخات .
18- هەركەسێك نەخوێندەوار بوو لە هەرتەمەنێك بوو نابێت بەرێ بكرێت لە دامودەزگا حكومیەكان تامۆڵەتی خوێندنی نەبێت واتا دەبێت بگەرێتەوە بۆ خوێندن مەگەر ئەوانەی نەخۆشی درێژخایانیان هەیە بۆنموونە وەك ئیفلیج بوون و جەلتە وهید.

19- بەستنەوەی هەموو دامەزراوەی دامەزگاکانی بازرگانی دەوڵەت بە یەك سیستەمی ئەلیکترۆنی بکرێت بەمەرجێك سیستەمی تەکنەلۆژیاو ئەلیکترۆنی هەمووجیهان لە ژێر ڕۆشنای ئیسلام بێت .

20- پەرە بە هەموو وەرزشەکان بدرێت لە ڕێگای وەرزش وانان .

21- بناغەی ئەم بزووتنەوەیە دادەمەزرێت لەسەر بنەمای ڕووناك بیرانی بەویژدان و مامۆستایانی بەویژدانی زانکۆکان بۆنیشاندانی ڕێگا سەختەکان .

22- دامەزراندنی چەند میدیایەکی هەمەلایەنی جیهانی بێلایەن بە بەرنامەیەکی دارێژراوی تۆکمە .

23- بەشێك دەبین لە ئەکتیڤ کردنی ئاشتەوایی لە خۆرهەلاّتی ناوە ڕاست و جیهان بە گشتی ئەگەر خەلافەتی داهاتووی ئیسلامیان قەبووڵ بێت لە سەردەستی کارەکتەرە سەرەکیەکانی ئیسلام بەرەو ڕووانگەیەکی ئایندە .

24- دەرگای لێك تێگەیشتن و بۆ لێك نزیك بوونەوە لەڕێگای پەیوەندیە دیبلۆماسیە سیاسەکان لە ڕوانگەی سەرخستنی ئاینێکی تۆکمە بۆ بەرێوە بردنی هەمووجیهان .

25- پێویستە لەلایەن گشت وولاّتانی جیهان پرۆژەکانی ئەم بزووتنەوەیە تاوتۆ بکرێت بۆ پتەوکردن و شکاندنی سنوورە دەست کردەکانی جیهان.

26- ئێمە جیهان ڕادەکیشین بۆ ناو ئەم پرۆژە مرۆییە تا جیاوازی نەبێت لەنێوان ڕەش وسپی تەنها بەتەقوا نەبێت .

27- جوولەکە مەسیحەکانیان کردووە بەقەلاغان بۆبەرەنگاربوونەوەی هەموو جیهان ئێمەی موسوڵمان دەمانەوێت ئەوقەلغانە لەدەستی جوولەکەکان وەرگرین کەمەسیحیەکانن خۆمان بکەینە قەلغان بۆ ئەم قەلغانەیە .

28 - لەدەربارەی لەدایك بونی عیسای مەسیح لەنێوان قورئان وئینجیل دا جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوانیان جا ئێمە ئەم کەیسە یەك لادەکەینەوە لەسەنتەری لێکۆلینەوە لە ڕێی پێکهاتەکانی ئەندامانی لە هەمووولاّتانی جیهان بەتایبەت ئەمریکا و رووسیا و وولاّتانی زلهێز

به پالٚ پشتی گۆگلٚ ئێرس (google erth) بۆ دیاری کردنی ئایندەی سەرئەرز لە ئێستاو رابردوو دا وکۆتاکەی گەڕانەوەی مرۆڤایەتی بۆ سەر ڕێگا ڕاستەکە .

29- نەهێشتن و سڕینەوەی ئاسەواری بیری تەسکایەتی قەومی و تایفەگەری کەئەم دیاریدەیە بەدرێژای ژیانی مرڤایەتی , بەختەوەری بەدوای نەهاتوە وە لە ئیسلامیش نەهی لێکراوە .

30- بەرەوپێش چونی هەنگاوە چاوەڕوان نەکراوەکانی تێك چونی هەوالٚی ئاسمانەکان لەلایەن سێ کۆمەلٚی دیاری کراو.

31- هەلٚ وەشانەوەی سیستەمی پەروەردە لەجیهان کە لەتەمەنی شەش سالٚی تا پازدە سالٚی لەلایان دایك و باوکی هەموو وانەکانی زانستی وێژەی لەلایان دایك وباوکێکی پەروەردە کراو مانالٚەکانیان پەروەردە بکریت بەمەرجێك لەلایان دارشتنی سیستەمێکی داڕێژراوی جیهانی ڕێك بخرێت بۆ دایك و باوکەکان لەهەمان کاتدا بژێوی ژیان و شوێنی خوێندنیان بۆ دیاری بکرێت بۆهەرخێزانیك .

32- یەکلاکردنەوەی بڕوای مرۆڤایەتی لەدەربارەی خودا دەبێ بڕوادارو بێ بڕوا لەسێبەری ئاین بژین نابێت بێ بڕوا لەسەر ناسنامەی بڕوادار حیساب بکرێت بەلاٚم هیچیان ستەمیان لێ ناکرێت.

33- ئێمەی (هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مسیح) قورئان بدرێت بەرووس کەبەپێی پێویست عەرەب و کورد و فارس و تورك نەیان توانیوە ئەم قورئانە سەرخەن ڕووس بەشیاوترین میلەت دەزانین بۆ پارێزگاری کردن لەم ئاینە .

34- ئاژەلٚ بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن خاوەنەکانیان نابێت ستەمیان لێ بکرێت واباشە ئازاد بکرێن تەنها ئەوانە نەبن بۆ مالاٚت بەکاردێن .

35- لەئایندەدا پاش هەموو خالٚە چارەسەر کراوەکان , ڕوو فاتی 72 سەحابە بەڕێزەکانی پیغەمبەر (ص) کەڕوویان لە عێراق کرد لە کوفە کەهەموو یان شەهید کران ئێمە بەباشی دەزانین بۆیەك خستنی ئیسلام ئەو شەهیدانە بگەڕێنەوە بۆ خاکی سعودیا ئەمە باشترین

**دەرفەتە بۆ یەك خستنی شیعەو سونە لە ئیسلامدا تا هیچ جیاوازیەك نەمێنی لە ئیسلامدا بەناوی هەریەك لە شیعەو سونەدا .**

36- **ئێمەی (هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مسیح) ئەو بزا ڤەیە بەشیاوترین بزووتنـەوە دەزانین کە سیاسەتە کانی خودا لە ڕێگای شانۆی جوولەی شەترەنجیکی جیهانی بەکۆمەلێك شیکاری جیاواز کە زەمەن واتا کات کە یەکێکە لە درووشمەکانی ئێمە دەست نیشانی دەکات .**

37- **ئێمەی هاوپەیمانی جیهانی بەشێك دەبین لە چارە سەرکردنی کیشەکانی پارتی کریکارانی کوردستان کە پەکەکەیە لە خاکی عێراق و کوردستانی باشووری باکوور ئەمەش پێویستی بە ژوورێکی نەشتەرگەری هەیە بۆپاراستنی یەك ریزی .**

38- **بەشێك دەبین لەچارە سەرکردنی یەك ریزی بەتایبەت( یە . پە . گە ) کە پێویستی بە ژوورێکی نەشتەرگەری هەیە بۆپاراستنی یەك ریزی هەموولایەك .**

39- **کوردستانی باشوور کلیلی چارەسەرکردنی هەرچوار جەمسەرەکانی جیهانە کە ریکەوتنەکەی بۆ سالی 2010 دەگرێتەوە کە پەیمان نامەیەکی ژیراوژێر لە لایەن هەموو پارتە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق و هەمووجیهان کرا کە ئەم پەیمان نامەیە 12 سالّ تا 13 سالّ بگرە تا 14 سالّ دەخایەنێت بۆگۆڕان کاری لە هەموو سیستەمی بەرێوەبردنی جیهان .**

40- **داپلۆسینی هەموو ماددە زیان بەخشەکان وەك جگەرەو نێرگەلە و ماددە کحولیەکان و ماددە سڕکەرەکان بە هەمووجۆرەکانیان لە جیهاندا .**

41- **سیستەمی خوێندنی وەرزی , لە جیهان بگۆرێت لە هاوین تاکۆتایی پایز بخوێندرێت .**

42- **دابین کردنی (التأمین صحي)سالأنە بەپی توانا ماددیەکانی گۆمەلّگا نرخێکی دیاریکرواو بۆهەرتاکێك ببڕێتەوەو لەدەولّەت و دەولّەتان .**

43- **داکۆکی کردن لە مافە ڕەواکانی مندالأن بەشێوەیەکی مەیدانی لەجیهان .**

44- **فشار خستنە سەر فلتەرەکانی ئەنتەرنێت لە لایەن دەولّەت و دەولّەتان بەگشتی جیهان بۆ کەم کردنەوەی گونەهـ و تاوان بە هەمووماناکان و ئەم سایتانی کاری بەد ڕەوشتی بلاّو دەکەنەوە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەربچێت و بلۆك بکرێن حەدیان لێ دەربکرێت کە**

**لەسەرەتادا وولاّتە موسلّمانەكان پابەند بن بەم بڕیارەیە تا دەگەینە قۆناغێكی تر لە بنچینەی دەولّەتداری.**

**45- كار ئاسانی بكرێت لەلایەن هەموو وولاتانی جیهان بۆ لێخۆش بوونێكی سەرتاسەری بۆ زیندانیانی سیاسی وئاین پەروەران كە خۆی لە خۆی دا ئاین بەشێكە لە سیاسەتیكی دادپەروەرانە , بەمەرجێك زیندان ببێتە شوێنی چاك سازی نەوەك شوێنی ئەشكەنجەدان ولەسێدارەدان تەنها بۆئەوانە نەبن كەشیاوی ئەوەن و زیندان ببێتە فێرگەیەك بۆ پەروەردە كارامەیی و بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە دوای ڕاستە رێ بوونیا.**

**46- گرینگی بە چاندنی داری بەرهەمداربدرێت لە دەشت و كێوەكان بە تایبەت لێواری گشت شەقامەكان تاخەرجیەكان كەم بكرێنەوە لە لایەن هاولاّتیان , لەگەل گرینگیدان بە ژینگەیەكی تەندرووست .**

**47- سیستەمی كار دۆزینەوە پێویستە لە ڕیگای ڕۆژنامەیەكی فەرمی یان سایتێكی ئەنتەرنێت مانگانە بێ دابران لە لایەن وەزارەتی كاروباری كۆمەلاّیەتی دەربچێت تاخەلّكی بێ كاروفرۆشیارو كریارو هەتا دوایی سودمەندببن بە پلانێكی تۆكمەی كاروكاریزمایی .**

**48- مندالاّن نابێت بۆ پارە پەیداكردن بنێردرێنە بازارەكان , دەبێت یارمەتی بدرێن لە لایەن دەولّەت .**

**49- قوتابیان لە هەرقۆناغێكی خوێندن خەرجی خوێندنیان نەبوو ئەوە دەبێت لە لایەن دەولّەت كۆمەك بكرێن تا هەموو قۆناغەكانی خوێندنیان تەواو دەبێت .**

**50-لەڕێگای پەیمانی خەلافەتی ئیسلام ونەخشە پلانی سنووری جیاو دەولّەتداری لەئایندەی دوو وولاّتی سەربەخودا پێش سەربەخۆیی وولاّتی فەلّەستین و كورد زۆزان بەهەرشەش پەرچەكەیەوە كە واتا كوردستانی ئێستا .**

**51- هەمووجیهان دەبێت بەشێوەی بەشە حەفەتەی هەرهاولاّتیەك دەبێت ماف یان پێبدرێت لە سامان وبەرهەمە ئاویەكان و هید .**

52- کاروباری ئاین زانانی دەوڵەت لە هیچ کەس و لایەنێك قەبووڵناکەن کە زیادەڕەوی بکەن لە دین ئەوانەی باسی دین دەەکەن دەبێت لەلایەن دەوڵەت هەڵبژێردراوبن  بۆگەیاندنی دینی خودا.

53-هەرهاولاَتیەك دەبێت شەریك بێت لە هەمووشتێکی سەرئەو ئەرزە نابێت هیچ جیاوازیەکی هەبێت لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەت لەدەربارەی سەروەت و سامان ومالْ بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش دەکرێت بەسەریاندا .

54- مزگەوتێك درووست بکرێت لە رووسیا بەناوی نەجاشی وەك وەفایەك بۆئەو پاشایە کەلەکاتێکدا لەکاتێکی زۆر ئەستەمدا بەکەڵکی مووسڵمانان هات کە یاوەرانی پێغەمبەر ڕوویان لە حەبەشە کرد بۆ دەربازبوون لە کوفری نێومەککەدا وە سێ سوودی لێ دەبیندرێت هەم وەفایەکە وە هەم سۆزی مەسیحیەکانی پێ کۆنترۆڵ دەکەرێت وە دەبێتی هۆی شکستی جوولەکەکان بەهۆی ئەم یەك ڕیزیەی مووسڵمانان و مەسیحیەکان لە جیهادا.

55-هەرچی گیان لەبەرە دەبێت لە سایەی ئەم خەلافەتە ئیسلامیە دەستی یارمەتی وەك هەقی خۆی بۆ درێژ بکرێت وە نابێت پێویستی بەهیچ کەسێك بێت .

56- لە ئیندەی خەلافەتی ئیسلامیدا هیچ کەس کاربەدەست نابێت تاشارەزایی لەدینی خودا نەبێت , کەدینە هەڵبژێردراوەکەی عیسای مەسیحە .

57- درووست کردنی دەزگایەکی ئاسایش بێ سیخوری کردن لە سەرهاولاَتیان بە ناوی دەزگای ئەمان کەسەربە وەزارەتی ناوەخۆی دەوڵەت بێت لە ناودەوڵەت.

58- فەراهەم کردنی ژینگەیەکی تەندرووست بۆ خەڵکانی ئایندەی خەلافەتی ئیسلامی بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودا لە ناوکۆمەلاَنی خەڵك .

59- لە جیهان هیچ وولاَتێك سنووری نابێت جگە لە دەوڵەتی فەڵەستین و دوڵەتی کورد زۆزان بە هەرشەش پارچەکەیەوەکە کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیا و کوردستانی سووریا وکوردستانی ئیران و کوردستانی ئازربایجان و کوردستانی ئەرمینیا واتا کوردستانی ئێستا, بەلاَم

**له هەمانكاتدا بۆدروست كردنی دەوڵەتی كورد زۆزان نامانەوێت دووبارە ئیسرائیلێكی تر دروست بكەین لەم ناوچەیە, دەبێت بە ئیسلام حكوم بكەن ئینجا دەبن بەدەوڵەت .**

60- **دەركردنی ڕۆژنامەیەكی هەفتانە بە هەمووجیاوازیەكانیەوە لەنێو ئەم ڕەوتەیە.**

61-**سەبارەت بە خوێندن لە هەموو قۆناغەكان نابێت خوێندن كۆتایی پێ بێت .**

**دووەم : ئامانجە تایبەتیەكان :**

1- **بۆئەم هاوپەیمانیە جیهانیە هەریەك لە مووسڵمانان و مەسیحیەكان بگەڕێنەوە سەرئاینی ڕاستەقینەی خۆیان ئەم هەنگاوە باشترین هەنگاوە بۆ دۆزینەوەی بۆچوونە نێو یەك دینی ڕاستەقینە .**

2- **ئێمە ئامادەین هاوبەش بین لەچارەسەركردنی كیشەكانی كورد لەگەڵ حكومەتی عێراق و وولاتانی دراوسێ .**

3- **پاشكۆی هیچ كەسێك نین و نابین ئێمەی هاوپایمانی جیهانی ئیسلام و مەسیح خۆمان بە قوتابیان و هەنگاوی شوێن پێی پێغەمبەرەكان دەزانین .**

4- **ئێمە ئامادەین ببین بە هێڵی ئاشتەوایی كێشە هەڵپساوەكان لە خۆرهەلاتی ناوەراست و جیهان .**

5- **لە چوار چێوەی پەیڕەوی ناوەخۆی بزووتنەوەكەمان هەرحكومەتێك یان حزبێك یان ریكخراوێك یان هەركەسێك دەتوانێت ببێت بە هاوپەیمانمان .**

6- **موسڵمان و مەسیحیەكان لەنێو ئەم بزووتنەوەدا دەبێ هەڵسوكەوتیان ئاین پەروەرانە بێت.**

7- **ئیسلام و مسیح چیتر نابێت ببن بە بەردی سەر داشەكانی نێو ئەم شەترەنجە جیهانیە كە لیبڕا لیەت بە ئاڕاستەی ماسۆنیەت ئەم یاریە بەرێوە دەبەن .**

8- پتەوکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ وولاّتانی زلهێز .

9- ئەم بزووتنەوەیە لقی لێ دەبێتەوە لە هەمووجیهان ڕاستەوخۆ بۆچوونە ناوحکومەت , ئامانج مان ئەوەیە هەموو مرۆڤایەتی بەرەو یەك ئاراستە ببەین .

10- زمانی ڕووسی ببێتە زمانی دووەمی دەوڵەت لە بەرئەوەی لە ڕووی جوگرافیا ڕووبەرێکی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە , وولاّتی رووسیا شوینێکی ستراتیجیە و هەروەها لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاست نزیکە لەڕووی کەلتوریش نزیکن لە داب و نەریتی خۆرهەلاّتیەکان.

11- سەرخستنی تاکە هێزێکی دادپەروەر بۆ بەڕێوە بردنی سەرئەرز واتا جیهان وئێمەی هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مسیح بەشێك دەبین لە درووست کردنی ئەم هێزە .

12- هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مسیح بەشێك دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جوولەکەو فەلەستین لەپاش ئەگەر بەخۆشی جوولەکە خاکی فەڵستین بەجێ نەهێڵن ئەوە ڕێگای تر هەڵدەبژێرین.

13- لەهەر هۆزو لایەن و دەولەتێك ئێمە باشترین سێ کەسمان دەوێت بۆدرووست کردنی بناغەی ناو ئەم بزووتنەوەیە و کاری دەزگاکەی بەناوی دەزگای ئەمان لەم ڕێگایەدا .

14- دەزگای ئەمان کارو پرۆگرامی دەبێـ بۆکارو ڕاڕایەکانی لە ناو ئەم بزووتنەوەیە کە دەبێت ئاسایشی دەوڵەتێك بێت لە ناو دەوڵەتان .

15- ئێمەی قوتابیانی پێغەمبەران دەبێت کەشێك برەخسێنین کە فریشتە ستان لە هەمووجیهان فەراهەم بکەین.

16- پەروەردەی قسەی کەم و کرداری زۆر بلاّوودەکەینەوە لەنێو کۆمەلاّنی خەڵك.

17- لە جیهان هیچ کەس بێ کەس نامێنیت کەس وکاری هەموو موسڵمانانن.

18- وولاّتان دەبێت بچووك بکرێ نەوە بەشێوەی ویلایەت مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت .

19- هەرقاریەك و سەنتەرێکی گشتی وپایتەختێکی لـێ درووست دەکرێت بۆدەوڵەتە فراوان و هەڵبژاردراوەکەی عیسای مەسیح .

20- ئەفریقا دەبێت بەشێوەی گۆڕەپانێکی فراوان بمێنێتەوە لە ئایندەدا بۆکۆکردنەوەی هەمووچەکەکانی وولاَتان و جیهان .

سێیەم: ئامانج و ناسینەوەی بەدواگەراون بۆ دۆزینەوەی پێشەواکانی دینی خودا لەڕیگای قورئان و سونە:-

تێبینی لەسەر پێشەواکانی دینی خودا ئەوان بەپێی بۆئەو حکومڕانیەی دەیگرنەدەست کاتی دەست بەکاربوون ودەست لەکارکێشانەوەیان خوداو پێغەمبەرگیان دیاریان کردووە بەپێی فەرمایشتەکانی خوداو پێغەمبەرەکەی.

1-دەست بەکاربوون لەڕێگای محەمەدی مەهدی وبەپێی کاتی دەست بەکاربوون و ماوەی حکومرانیەکەی لە حەوت7 ساڵ تا نۆ9 ساڵ بەردەوام دەبێت کە لە قورئان و سوننە بەپێی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر بەئومەتەکەی گەیشتوووە .

2-دوای محەمەدی مەهدی عیسای مەسیح جلەوی حکومڕانی دەگرێتە دەست تا 40 ساڵی تەواو.

3-دوای عیسای مەسیح پیاوێك لە قەحتانیەکان کە لە یەمەن جلەوی حکومڕانیەکەی دەگرێتە دەست کەماوەی حکومرانیەکەی دیارنیە جیهان وەك جاران دەگەڕێنەوە سەر خراپەکاریەکەی جاران ئیتر دونیا بەرەو کۆتایی دێت ئیتر ژیان هیچ بەهاو مانایەکی نامێنێت.

**سێیەم : مەبەستەکان بۆ دیارکردنی داهاتوو :**

**1-ئەم پەیروپرۆگرامەیە کاتیە بۆ دوای کۆنگرەکە و لە کاتێکدا کە مۆڵتی فەرمی دەست بەکاربوونی بزووتنەوەکە دەستی پێکرد لە دوای چوارساڵ , جارێکی ترئەم پەیڕەوەوپرۆگرامەیە ئامادە دەکرێت لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە و دەنوسرێتەوە کە ئایندەکەی دیار نیە , بە پیشتوانی خودا بەمەرجێك بتوانین هەمووئالیات و کەشێکی پڕئارام دابین بکەین ئینجا بریاری کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوکە بەڕێوە دەچێت لەدوای کۆنگرەش ڕاستەوخۆ بۆخەلافەتەکەی محەمەدی مەهدی ودوای محەمەدی مەهدی عیسای مەسیح بەردەوام دەبێت بەمەودای کاتێکی دیاری کراوی خەلافەتەکەی و دوای عیسای مەسیح حکومەکەی عیسای مەسیح دەگرێتە دەست دوای ئەمەش خەڵك وەك جاران دەست بەفەسادی دەکەنەوە,دوای ئەمەش کەون هەڵدەوەشێتەوە.**

**2- رێکخەری گشتی کە کەسی یەکەمی بزووتنەوەکەیە خۆی دووبارە کاندید ناکاتەوە بە مەرجێك بزووتنەوکە هیچ کەمووکوریەکی نەبێت ئینجا لە کۆنگرەی یەکەم کە وەك مەرجەعی بالاْ دەمێنێتەوە زیاتر کاربۆ جیهانێکی سەرتا سەری دەکات بە پشتیوانی خودایەکی گەورە , رێکخەری گشتی کار بۆ ئەم سێ خەلیفەیە دەکات کە هاتنی محەمەدی مەهدی و عیسای مەسیح و پیاویك لە قەحتانیەکان دەکات کە لە یەمەن سەرهەڵدەدات تا دوا قۆناغەکانی کاتی هاتنی شەی پوور واتا (نەفخی سوور).**

**3- هەرئەندامێك مەبەستی خزمەت کردنی مرۆڤایەتی بێت ئەوە بزووتنەوەکە چاکەکانی لەبیرناکات لە ڕێگای دەزگای ئەمان .**

**4- ئەو ئەندامانەی لە کۆنگرە خۆیان کاندید دەکەن ئەمە لە ڕێگای دەزگای ئەمان دەست نیشان دەکرێن.**

5- ئەم بەرنامە وئەم خەلافەتەیە هەربەردەوام دەبێت ئەگەر ئەرك و كارەكانی هەموو قۆناغەكانی ئیسلامیش كۆتایی پیّ هات ئەوە ئە حكومەتەیە بەردەوام دەبێت تا كۆتایی دونیای دونیا پەرستەكان .

6- لەسەر یاری پاشاكان ئەم حكومەتەی ئایندەیە بۆجیهانێكی نویّ بەردەوام دەبێت تا ئەم یاریە كۆتایی پیً دێت.

## بەشی یەکەم

## ئەندامیەتی

**ماددەی سێیەم : پڕانسیپەکانی ئەندامیەتی لەبزووتنەوەکە :**

**مەرجەکانی بوون بەئەندام :**

1- **تەمەنی لە 18 ساڵ زیاتربێت.**

2- **بڕوای بەپەیرەوی ناوە خۆیی هەبێ و ڕێنمایەکان جێ بەجێ بکات یاسای بزووتنەوەکە بپارێزێت .**

3-**ئابوونەی بڕێکی ماددی ئازاد بدات .**

4- **ڕەوشت بەرزو ئاکارجوان بێت .**

5- **تەندروست باش و بێ کەم وکوڕی بێت .**

6- **داواکاریەك بوون بە ئەندام پێشکەش بکات بەشێوەێك لە شێوەکانی پەیوەندی .**

7- **سوێند بخۆ بەم کتێبانەی ئاسمانی لە نیوان ئیسلام و مسیحیەکان دا هەن کە خیانەت لەگەڵ بزووتنەوەکەی ناکات.**

8- **سوێند دەخۆی کە برای دینیت بە قەد خۆت خۆش دەوێت لەگەڵ بزووتنەوەکەت.**

دووەم : لەدەست دانی ئەندامیەتی و سزاکان :-

أ- سەرپێچیەکان

1- پەیوەندی نەبوون بە پەیڕەوی ناوەخۆ ڕێنماکانی بزووتنەوەکە .

2- ئامادە نەبوون لە کۆبوونەوە و چالاکی خولەکان بەبێ هۆ و بیانوی ڕەوا .

3- بەکارهێنانی توند و تیژی ڕەفتاری نەشیاو لەگەل بەرپرسی بزووتنەوەکە .

4- بەرەو پیش نەچوون لە ئاستی فێربوون توانای دیبلۆماسی وبەژداری نەکردن لە هیچ چالاکی و داهێنانێك بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەکە بۆخەلکی جیهان بەگشتی .

أ- سزاکان :-

1- سەرنج ڕاکێشان .

2- ئاگادارکردنەوە .

3- سڕکردن دوای سێ جار سەرنج ڕاکیشان یان ئاگادارکردنەوە .

4- لێساندنەوەی مافی ئەندامیەتی .

سێیەم : مافەکانی ئەندام :-

1- مافی ئەوەی هەیە کەسوود لەهەمووخزمەت گوزاریەکانی بزووتنەوەکە وەربگرێ .

2- مافی ئەوەی هەیە بەژداری لە هەمووچالاکیەکان بکات .

3- مافی دەست لەکارکێشانەوەی هەیە .

4- مافی ڕادەربرین و ڕخنەو پێشنیاری هەیە .

5- لەکاتی ئەنجامدانی چالایەکان مافی بەکارهینانی ناوی بزووتنەوەکەی هەیە .

6- مافی دەنگدان و خۆپالآوتنی بۆئەندامیتی دەستەی سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی وجێگیری هەیە تا بزووتنەوەکە دەگاتە قۆناغەکانی هاتنی محەمەدی مەهدی و عیسای مەسیح و پیاوێك لە قەحتانیەکانی وولآتی یەمەن ڕۆڵی خەلیفە دەبینن هەریەك بەجیا بەپێی مەودا ماوەی حکومڕانی کاتەکانیان .

7- مافی بەدەستهێنانی زانیاری وبەرزکردنەوەی پڕۆژەیان بۆبزووتنەوەکە هەیە .

8- ڕێز لەکەسایەتی وخولیاو ئارازووە تایبەت مەندیەکانی ئەندامان دەگیرێ بە مەرجێك نەچێتە دەرەوەی هەردوو ئەرکانەکانی ئیمان و ئیسلام .

چوارەم : ئەرکەکانی ئەندام :-

1- دەبێ کار لەپێناوی گەشەپێدانی توانای خۆی وخوشك وبرایە دڵسۆزەکانی بکات .

2- لەبەرژەوەندی گشتیدا کاربکا بە ناوی بزووتنەوەکە لەبەرژەوەندیە تایبەتیەکان بەکارنەهێنێ .

3- لەماوەی ساڵێکدا دەبێ بەپێی توانا چەندکارێك بۆبزووتنەوەکە بەخۆڕایی بکات .

4- پابەند بوون بەپەیرەوەی ناوەخۆی بزووتنەوەکە .

5- بەپێشوازی وبانگەوازی و چالآکیەکانی بزووتنەوەکە بێت .

## بەشی چوارەم

## پەیکەری بزووتنەوە وچۆنیەتی کارکردن

- ماددەی چوارەم : پێکهاتەی بزووتنەوەکە .

پەیکەری بزووتنەوە پێکدێت لە :

یەکەم : دەستەی گشتی بریتیە لەسەرجەم ئەندامانی بزووتنەوەکە .

دووەم: ئەنجومەنی بەرێوەبردن , بریتیە لە دەستەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بەرپرسی ناوەندەکان و بەرپرسی پێگەکان بەرپرسی خانەی کار پێك دێت .

سێیەم : دەستەی سەرکردایەتی: بریتیە لەرێکخەری گشتی , دووجێگیری رێکخەری گشتی یەکەمیان مەسیحی و دووەمیان موسڵمان دەبێت بەرپرسی بەشەکان .

چوارەم : سەدویەك 101ئەندامانی سەرکردایەتی دەبێت , نیوەی مەسیحیە و نیوەکەی تریش موسڵمانە یەکیان تاکە لە نێوان 101 کەئەوێش رێکخەری گشتیە.

پێنجەم : دەزگای ئەمان چاودێرە بەسەردەستەی گشتی بزووتنەوەکە کەم وکورپیەکانی بزووتنەوەکە دەست نیشان دەکات .

شەشەم: سەدویەك ئەندامی سەرکردایەتی دەبێت ئەم بزووتنەوەیە کەهەموویان دەبێت لەسەر ریزبەندی هەرنەوەتونۆ 99ناوەکەی خودا(الله) ئینجا دەتوانن لە لەسەرکردایەتی دەست بەکاربن.

- **ماددەی پێنجەم : دەستەی گشتی و دەسەلأتەکانی :-**

**أ- پێکهاتەی دەستەی گشتی :**

**دەستەی گشتی پێکدێت لە گشت ئەو ئەندامانەی کەمافی ئەندامیتیان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن و خۆیان بپالێون بەمەرجێك ئەگەر بگەنە ناوەندەکان لە ڕێگای کۆنفرانس .**

**ب – مەرج نیە هەندێك لە ئەندامان لە ڕێگای خۆکاندیدکردنی بێنە هێلی پێشەوە ئەگەرهەموومەرجەکانی تیابێت ئاستی بەرز بێت لە هەموو ڕووەکان ئەگەری هەیە لە لایەن ڕێکخەری گشتی بەرزبکرێتەوە جا بۆهەرپۆستێك بێت .**

**ج – لە خانەی کار هەرئەندامێك 500 ئەندام بێنێتە ناو ریزەکانی ئەم بزووتنەوەیە بە مەرجێك لە لایەن دەزگای ئەمان بە بەڵی ڕێگا بە ئەندامەکان بدرێت بێنە ڕیزەکانی بزووتنەوەکە , ئەوە دەتوانێت هەنگاوێك ببڕێت بۆ نێو هێلی پێگەکان .**

**د- هەرئەندامێك لە هێلی پێگەکان 1000 ئەندام بێنێتە نێو ریزەکانی بزووتنەوەکە ئەوە دەتوانێت خۆی بگە یەنێتە هێلی ناوەندەکان .**

**ل – هەرئەندامێکی هێلی ناوەند ئەگەر توانی 2000 ئەندام بێنێتە ریزی بزووتنەوەکە ئەوە دەتوانێت بەژداربێت لە خۆکاندید کردن بۆ سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسی تەنها لە جێگای خەلیفەی خەلافەتەکان نابیت بێتە ریزی پێشەوە ئەویش بەهۆی دەست نیشانکردنیان لە لای خودا کە محەمەدی مەهدی و عیسای مەسیح و پیاوێك لە قەحتانیەکانی یەمەن لەجێگای ئەمان نابێت .**

هـ - دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرکردایەتی و ناوەندەکان :-

1- بەرزترین دەسەڵاتە بزووتنەوە کە داوا مافی سزدانی کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی هەیە .

2- بەزۆرینەی دەنگەکانی سەرکردایەتی 3/2ی بۆهەیە هەربڕیارێك جێ بەجێ بکات .

3- لەکۆبوونەوەیەکی فراواندا بەهەڵبژردنێکی ئازاد ونهێنی دەتوانی رێکخەری گشتی , دووجیگیری رێکخەری گشتی , سەدویەك ئەندامانی سەرکردایەتی کە نیوەی ئیسلامە و نیوەکەی تریش مەسیحین .

4- لەکاتی نەمانی ڕێکخەری گشتی یان دوو جێگرەکەی لەماوەی دووهەفتەدا کۆبوونەوەی نائاسایی دەستەی گشتی ئەنجام دەدرێ بۆ هەلبژردنی پۆستەخاڵیەکەیان ڕێکخەری گشتی و دووجێگیرەکەی پێکەوە یان هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی.

5- بەهیچ جۆرێك ئەم بزووتنەوەیە هەڵناوەشێتەوە بەلاَم بۆی هەیە بە سیاسەتەکانی خۆی دا بچێتەوە بۆکاری چاکتر.

- ماددەی شەشەم :-

پێکهێنانی ئەنجومەنی بەڕێوە بردن واتا ئەندامانی سەرکردایەتی .

ئەنجومەنی بەڕێوە بردن لە دەستەی کارگێری وسەرجەم بەرپرسی ناوەندەکان و پێگەکان و خانەکانی کار پێکدێت وە مانگانە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدەدات .

**دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردەن :-**

**1- ئامادەکردن , دارشتن , پەسندکردن و بەرزکردنەوەی پرۆژەی ناوەندەکان و بەرزکردنەوەی بۆدەستەی برایان وخوشکانی سەرکردایەتی .**

**2- خەملاندنی بودجەی ساڵانەی ناوەندەکان وپێگەکان و خانەکانی کار , پێداچونەوە وهەڵسەنگانی بودجەی ساڵی پێشووی ناوەندەکان و بەرزکردنەوەی بۆدەستەی سەرکردایەتی .**

**3- پێداچوونەوەی و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکیەکانی ناوەندەکان لەماوەی ساڵی ڕابردوو هەروەها دانانی پلان و بەرنامەی تازەش بۆداهاتوو .**

**4- تاوتۆکردن و هەڵسەنگاندن وپەسندکردنی سەرجەم بڕیارەکانی دەستەی سەرکردایەتی تایبەت بەناوەندەکان .**

**5-دەتوانێ بڕیار لەسەرخولی ڕاهێنان چالاکی فڕاوانی ناوەندەکان و پێگەکان و خانەکانی کار بدا .**

**6- هەڵسنگاندنی بودجەی بزووتنەوەکە.**

**7- دابەش کردنی کارەکان و ئامادەکردنی هێزی مرۆیی بۆئەنجامدانی چالاکی وپرۆژەکان لەسنوری ناوەندەکان بە ڕەزامەندی دەستەی برایان و خوشکانی سەرکردایەتی .**

**8-کۆبوونەوەکان ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لەلایەن ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکە ئیدارە دەدرێ .**

**9- بەبڕیاری 3/2 ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی دەتوانرێ داوابکرێ ئەندامانی سەرکردایەتی کۆبوونەوەی نائاسایی سازبدا .**

- ماددەی حەوتەم : دەستەی سەرکردایەتی :-

أ- پێکهاتەی دەستەی سەرکردایەتی :

دەستەی سەرکردایەتی پێکدی لە :

1- رێکخەری گشتی بزووتنەوە کە بەرپرسی یەکەمی بزووتنەوە کەیە نوێنەرایەتی دەکات نوسراوەکانی بزووتنەوەکە واژودەکات. وەڕەزامەندی لەسەر داوکاری ئەندام بون دەردەبڕێ وسەرپەرشتی کاروباری داریی و چالاٚکیەکانی بزووتنەوەکە دەکا لەلایەن دەستەی گشت ناوەندی هەموو ئەندامان هەڵدبژێردرێت .

2- دووجێگیری رێکخەری گشتی بزووتنەوەکە مافی ئەوەیان هەیە لەجێگای رێکخەری گشتی نوسراوەکانی بزووتنەوە کە واژوو دەکەن وچارەسەری کەمووکریەکانی بزووتنەوەکە دەکەن.

3- بەرپرسی بەشەکانی بەشی دارایی , سەرکردایەتی هەڵسنگاندن و بەدواداچوون وبەرپرسایەتیان لەئەستۆ دەگرێ .

4- ئەندامی یەدەگ دووئەندامی لە جێگای هەموو کەمووکووڕی ودەست لەکارکێشانەوەی پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن ئەندامانی سەرکردایەتیە دەست بەکار دەبن .

ب- دەسەڵاتەکانی کارگێری واتا سەرکردایەتی :-

1- بەسەرپەرشتی رێکخەری گشتی(50 )لەئەندامانی سەرکردایەتی مەسیحیەکان و (50) لە ئەندامانی سەرکردایەتی مووسڵمان بەرێکخەری گشتی دەبن بە (101) کەس و لەداهاتوودا ئەم ژمارەیە زیاد دەکرێت بۆ سەد و یەك کەس (101), شان بەشانی یەکترکاردەکەن هەریەك یان بەجیا کارلەسەرئاینەکەی خۆیان دەکات بۆدیاری کردنی ئایندەیەکی پڕشنگدار بۆ باشترکردنی چارەنووسی مرۆڤایەتی .

أ - بەسەرپەرشتی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەکە و دووجیگیری ڕێکخەری گشتی لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی سەرکردایەتی بەپێی تایبەت مەندێتی ولێهاتووی و شارەزایی بەرپرسێتی بەشەکانی بۆ ئەندامی هەڵبژێردراوەکانی دەستەی سەرکردایەتی دیاری دەکرێن

ب-دەستەی سەرکردایەتی بریار لەسەر پێکهینانی لێژنەی پرۆژەکان دەدا .

ت-پاش دیراسەت کردنی ناوچەکە بەڕەزامەندی 3/2 ی دەستەی سەرکردایەتی دەتوانرێ ناوەندی تازە لەشارو شارۆچکەکان یان لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە و بودجەی پێویستیان بۆ دیاری بکا.

ت- پەسندکردنی پلانی ستراتیجی وبەرنامەکانی بزووتنەوەکە .

پ- بەڕەزامەندی 3/2 ئەندامانی ناوەند دەتوانرێ لێژنەی تایبەت بۆبەدواچوونی پرۆژەکان پێکبهێنرێ .

ج- سەرپەرشتی بەشەکان وناوەندەکان دەکا و کارەکانیان دابەش دەکا.

ح- بڕیاردان لەسەر خەرج کردن وکاروباری دارایی بزووتنەوەکە دەکا .

خ- سەرپەرشتی خولەکانی ڕاهێنان وکۆبوونەوەکان دەکا.

د- دانانی پلان و نەخشەی چالاکی و خولەکان .

ژ- بڕیارلەسەر گرێبەستەکان دەدا وتوانا مرۆیی و پێداچوونی پڕۆژەکان دەستەبەر دەکا .

ر- وەسفە وزیفیەکان سەرجەم ئۆرگانەکان دیاری دەکات .

ز- بریاردان لەسەر کاتی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی و دیاری کردنی کات و شوێنەکەی .

س- پێداچوونەوە وهەڵسەنگاندنی کاروچالاکیەکانی ساڵی ڕابردووی بزووتنەوە کە .

ش- لەکاتی نەمانی یەکی لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەوا ئەندامە یەدەگەکان دێنە پێشەوە.

ص- لەکاتی نەمانی ئەندامی یەدەگ و وازهێنانی یەکێك یان زیاتر لەئەندامانی سەرکردایەتی ئەوا کۆبوونەوەی نا ئاسایی دەستەی گشتی لەماوەی دوو هەفتە سازدەدرێ بۆسەر لەنوێ هەڵبژرادنەوە ئەندامانی سەرکردایەتی تازە.

---

- ماددەی هەشتەم : دەسەڵاتەکانی ڕێکخەری گشتی :

1 – ڕێنمایی بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی دەردەکا وئیمزا لە سەر نوسراوەکان دەکا .

2 - بریارەکانی دەستەی گشتی وئەنجومەنی بەڕێوە بردن و ئەندامانی سەرکردایەتی جێ بەجێ دەکا .

3- ئەندامانی سەرکردایەتی بۆ کوبوونەوەکان بانگهێشت دەکا و ڕاپۆرتی دەوری وساڵانە بۆدەستەی گشتی ئامادە دەکات.

4- پەسندکردنی ئیمزا لەسەر خەرجیەکان دەکا.

5-سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی بزووتنەوەکە و لێپرسینەوە لەگەڵ تەواوی ستافی سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی دەکا.

6- لێدوان بەناوی بزووتنەوەکە دەدا نوینەرایەتی لەکۆبوونەوە دەرەکی و لۆکاڵەکان دەکا.

7- واژوو لەسەر گرێبەست دەکا .

8- بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی دەتوانێ بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بداتە هەردوو جێگیرە مەسیحی و موسلمانەکەی یان یەکێ لەئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی .

9- ووردبینی و بەدواچوون بۆ داواکاری پێشنیار, پرۆژە و سکاڵاکان دەکا و بخاتە بەردەست دەستەی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی بەڕێوە بردن ئەگەر پێویست بکا .

10-بەدوا چوون و هەڵسەنگاندن بۆلێژنەکان , پرۆژەکان , دارایی و پەیوەندیەکان دەکا و دەتوانێ رێنمایی پێویست دەربکا سەبارەت بەوانە.

11-بەرپرسی یەکەمی داراییە بۆ پاراستنی ئەم ئەمانەتەیە .

12-لەکاتی سەفەر لە پێناوی ئاینەکەی ئەگەرپێویست بکات ئەگەر لەکاتێکا دین لە خەتەربێت بەشێوەیەکی ئاسایی بێت یان نائاسایی ئەوە ئازادە لە بزووتنەوە جیهانیەکەی.

--------------------------

- ماددەی نۆیەم : دەسەڵاتەکانی جێگیر

1-هەردوو جێگیر لەکاتی ئامادەبوونی رێکخەری گشتی ئەگەربەبێ هۆکاربوون یان لەسەر کارلاچوونی , کارەکانی رێکخەری گشتی ئەنجام دەدەن .

2-رێکخستنی ئەرشیف و دۆسیەکان .

3-نوینەرایەتی کردنی بزووتنەوەکە رێکخستنی وادەکان و بەهێزکردنی کەناڵەکانی پەیوەندی .

4-رێکخستنی کۆڕ, خولەکان بەدواداچوونی چالاکی وپرۆژەکان .

## بەشی پێنجەم

## داهاتی بزووتنەوەکە

- **ماددەی یەکەم : داهاتی بزووتنەوەکە وژمێریاری لە :-**

**یەکەم : داهاتی بزووتنەوەکە پێکدێت لە :**

**داهاتەکانی خزمەتی بزووتنەوەکە لەکەموو کوریەکانی خەرج دەکرێت .**

**دووەم : چاودێری و ژمێریاری :**

1- **سەرجەم دراوی بزووتنەوەکە لەڕێگای ئەوحیسابە بانکیەدەبێ کە بەناوی بزووتنەوەکە دەکرێتەوە .**

2- **بزووتنەوەکە لەڕێی بودجەی سالآنە یان مانگانە وبەگوێرەی سیستەمی ژمێریاری پەیڕەوکراو لە عێراق یان هەرێمی کوردستان یان لەدەروە داریی خۆی بەڕێوە دەبا .**

3- **خوا پێداوەکان دەبنە جێگای شانازی بۆیارمەتی یە ماددیەکان بۆبزووتنەوەکە.**

4-**رێکخەری گشتی کەسی یەکەمی بەشی دارایيە لە بزووتنەوەکەدا.**

**تادەست بەکاربوونی فەرمی ڕادەگەیەنین ئینجا پەیڕەوی ناوەخۆی ئەم بزووتنەوەیە تێرو تەسەل تردەکەین بۆچەتری دەوڵەتداری بۆئایندەی ئایندەیەك ..**

# ئالآی (هاوپەیمانی جیهانی ئیسلام و مەسیح)

